www.kurdistannet.org
1-3-2007 20:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مەڵبەندی 3ی هەولێر
2007/3/1

## خەمی سەرۆک ... ڕزگار سیان

لە سلێمانی بووم لای هاوڕێیانم دانیشتبووم، لە پڕ زەنگێك لی درا بۆ هاوڕێیەکم ئەو کات دوار ڕۆژ ئاوا بوون بوو هاوڕێیەکەم لە سیمای دیار کەوت کە شتێك ڕووی داوە دوای گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی، ووتی بە خوا هەڵناسم ئەبی ئەمجارە پێکێکی تر بە خەم و کەسەرەوە بخۆمەوە، زۆر توورە بوو، خەم دایگرت و ووتی یاخوا وا نەبی و بە دوعاوە دەیگوت، مەرگی من پێش مەرگی ئەو سەرکردەیە کەوی، ئێمەش هێشتا لەو نهێنیەی ئەو زەنگی تەلەفۆنە نەگەیشتبووین ووتمان ئامین، لە پڕێکا ووتی یاخوا مام جەلال هەر زیندوو بی چونکە کوژانەوەی تەمەنی ئەو کوژانەوەی تەمەنی من و هی ئێوەشە، منیش دەڵێم: بوون و مانەوەی سەرکردەیەکی ماندوو بۆ کورد وەك مام جەلال بۆ هەموو عێراق و کوردستان و بۆ جیهان پێویستە، بە ڕاستی ئەو پیاوە تەمەنێکی درێژ خایەنی لە پێناو دەسکەوتەکانی مافی چارەنووسی گەلێکی ستەمدیدەی وەك کورد خەبات دەکات، مانەوەی ئەو سەرکردەیە مانەوەی ڕاگرتنی یەکڕیزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەموو کوردە وە دەمەوی ئەو پارچە شیعرەی (مام هەژار) ی شاعیر کە دۆستێکی نزیکی خۆمە پێشکەشی هەموو کورد بکەم.

ئەی مامە گیان
مامە گیانی...تاڵەبانی
تۆ مژدە بەخشی هەموانی
تۆ خۆرێکی تیشك بەخشی
ئاسۆی ڕووناکی کوردانی
ئەی خاوەنی ڕێز و شکۆ
دۆعا دەکەین بۆ شیفای تۆ
چونکە شیفات بۆ دوژمنان جەرگ بڕە
بۆ گەلی کورد شادییەکی گەرم و گوڕە
مژدەی بە کوردستانی بوونەوەی کەرکووکی باوە گوڕ گوڕە
مامە گیانی تاڵەبانی
سەرکۆماری نیشتمانی
مامە گیانی پارێزەر
ڕاوێژدەر و داهێنەر
یاسا ناس و دادپەروەر
ئەی ڕێکخەر و مافپەروەر
تۆ گەورەی گەورەمانی
هەر تۆش مایەی بوونمانی
تۆ ئاواتی یەکگرتن و سەربەخۆیی هەر چوار پارچەی کوردستانی
مامە گیانی تاڵەبانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرکۆماری نیشتمانی
لە گەڵ هەموو گەلی کوردا
لە گەڵ چیاو دەشت و هەردا
لە گەڵ گوڵی ئەم بەهارە
لە گەڵ خەڵکی سەرتاسەری ئەم ووڵاتە
چی لە گوندە و چی لە شارە
دوعا دەکەین نەجاتت بی
خوای گەورە پشتیوانت بی
زوو خێر بێنیتەوە ناومان
ئەی مایەی مانەوەی ناومان
مامە گیانی تاڵەبانی
سەرکۆماری نیشتمانی
(مام هەژار)
2007/3/1

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.